## * پێشهاتەکانی ٢٤ کاتژمێری با *



ئاسمان خۆی داتەکاند ،
خەمەکانی بوون بە باران ،
ئەستێرە بە تاقی ئازارەوە
کەوتنە درەوشانەوە.
گومان دەکەم
قەدەر پێش بەو بایە بگرێ
وەک سیخورێکی نالەبار،
سەر بە کۆشی باخچەدا شۆر دەکاتەوە
کراسی گەلا هەلدەکا .
دەم لە شلکەی عەشق دەکوتێ و
دەست بۆ مەمکی هەنار دەبا.
بایەکە لەگەل خۆی
ئافاتی خستۆتە سەر دوو بال .
بە هەموو پێوەرەکانی
ئەنتیمۆمەتری پیاوەتی ،
کەوتۆتە وێزەی پایز ،
بە فەریکی پاکیزەیی
دەخاتە بن کەلێنێکی
تام لە بەفر
بەر لە بێبەر دەرنێ .
کە ئەو دێ
زەوی لە بەهەشتەوە

دەگوازێتەوە بۆ دۆزەخ.
سەوزایی بە درەختەوە
دەگۆرێ بە تەختە.
ژنێتی لە پشکۆیەکی گەرمەوە
بۆ تۆپەلێک ئاسنی سارد .
گومان دەکەم
بروسکە وەک شمشێری داد
سینگی واقع بکوتێ ،
درز بخاتە دلی شەو
کەﷲی تاریکی

به ئاسماندا بەرێ .
وا مەزەندە دەکەم
هێشتا کە برووسکە تەوقە بێ
تەوقەی بێ ئومێدی ،
لە نێوان زۆرانی شەوو
ئاشتەوایی رەشەبادا .
تەنانەت
مانگیش دوورو دەرچوو
ئەو دەمەی با
ناودەمی بەفری
پر کرد لە قرمژنی تەرزە
ئەو دەسمالی تەمی پۆشی ،
چلێک هەوری دا بە خۆیدا .
گوێ بگرە
هێشتا هەر گڤڤەی دێ ،
بە بەرۆکی باخچەو
شەوکەتی شەوەوە .
تۆ بلێی تاکەی بێ
گڤڤەی با ..

کەژاڵ عەلی